

# بێتهۆڤن

مۆسیقازانی مەزن، لۆدڤیک ڤان بێتهۆڤن لە ساڵی ١٧٧٠ لە شاری (بۆن)ی ئەڵمانی لە دایک بووە، هەر لە منداڵییەوە زرنگ و زیرەک بووە، لە تەمەنی (١٣) ساڵیدا یەکەم کاری هونەری ئەنجامداوە.

ئەوەی سەیرە لە ژیانی ئەم ناودارەدا.. ئەوەیە لە تەمەنی (٣٠) ساڵیدا نیشانەی کەڕی لێوە دەرکەوت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانی گرنگترین و ناسکترین و جوانترین و هونەریترین بەرهەمی مۆسیقا دابهێنێت.

بیتهۆڤن (٩) سەمفۆنی و (٣٢) سۆناتای پیانۆ و (٥) کۆنشەرتۆی پیانۆ و (١٠) سۆناتای پیانۆ وکەمان... و چەندین بەرهەمی دیکەی هونەری داناون.

ئەو مۆسیقازانە ناودارە لە ساڵی (١٨٢٧ ز) دا لە شاری ڤیەننا لە تەمەنی (٥٧) ساڵیدا سەری نایەوە.